# وێنەیەك دەبووایە زووتر لە دەفتەری مەكتەبمدا دەرمبێنایە

بەكر ئەحمەد

من دایكی خۆم هیچ خۆش ناوێ
نا من ئەوم هیچ خۆشناوێت.
ئەو بۆ من
تەنها سیاچەمانەیەكی ئێوارانەی باوكم بوو بۆی دەوتین.
ئەو وێنەیەكی چرچ و لۆچی ناو دەفتەری قوتابخانەم بوو.
وێنەیەك كە تیایدا
دایكم لەسەر چرپای خەستەخانە ڕاكشاوە و
كەمێك پرچ و چاوی چەپی بەدەرەوەن.
ئاخر خوشكم لە بەردەمیا دانیشتووە و هەموو جەستەی داپۆشیوە.
من دایكی خۆم هیچ خۆش ناوێ.
ئەوەتانێ گەورەبووم و هەتا ئێستاش
چاوی چەپی ناو وێنەكەی
بۆ ساتێك ئازادم ناكات.
نا؛ من ئەوم هیچ خۆش ناوێ.
ئاخر ئەو كچانەی خۆشمویستن
هەر هەموویان, بەر لە ساتی دەست لێكبەردان
هەمان شتیان بەمن دەوت:"تۆ ئەو كاتەی بە سۆزەوە, لە سەر سینەم ئارامدەگری
هەستدەكەم سینەی من بۆ تۆ
سینەی دایكە, نەك هی ئاشق.
باوەشی دایكت جێ بێڵە و ئەوسا وەرە باوەشی من"
ئای لە چاوی چەپی دایكی ناو وێنەیەك
چی بە من كرد؟
نا من دایكی خۆم خۆش ناوێ.

10ی مارسی 2002